لە شاری هەولێری پایتەخت نوێژی هاتنی باران ئەنجامدرا

لە شاری هەولێری پایتەخت نوێژی هاتنی باران ئەنجامدرا.

ئەمڕۆ شەممە، لە شاری هەولێری پایتەخت بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینی و هاوڵاتیان، بە سەرپەرشتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان نوێژبارانە ئەنجامدرا و نوێژخوێنان لە دوای نوێژەکە نزاو پاڕانەوەی بارانبارینیان لە خودا کرد.

جێگەی باسە، ئەمساڵ لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا بەی پەویستی باران بە چاندنی دانەوەڵە نەباریوە کە پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بە تایبەت لە ناوچە دەشتاییەکانی هەولێر کە ماوەیەکی درێژە بارانی لە نەباریوە.

هەر دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، باران بارین ڕووی لە شاری هەولێر کرد کە تا ئێستا شێوی شەممە بەردەوامی هەیە.